# حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئەم گاڵتەجارییە ڕاگرن!

ئامانج شاکەلی

سایتی پەیامنێر لە ژمارەی چوارشەممە، ڕێکەوتی 26 سێپتەمبەر لە زاری مەلا عەبدولخالق پێشنوێژ و خوتبەخوێنی مزگەوتی ڕووناکی لە شاری هەولێر، هەواڵێکی سەیر و سەمەرەی بڵاوکردۆتەوە. ئەو مەلایە لە خوتبەی ڕۆژی هەینی دا ڕایگەیاندووە کە بەمزوانە پێغەمبەری ئیسلام سەردانی شاری هەولێر دەکات! گوایە لە ئێران کابرایەکی عارەبی بینیووە و ئەو کابرایەش خەونیکی خۆی بۆ مەلا عەبدولخالق گێڕاوەتەوە کە تێیدا پێغەمبەری لە جلوبەرگێکی شڕ و سەروچاوی خوێناویدا بینیووە، گوایە پێغەمبەر بەو کابرا عارەبەی گوتبێ کە یار و هاودەنگەکانم بە تەنهایان بەجێهێشتووم و ئێستەش بۆ حەسانەوە دەچم بۆ هەولێر!

کارم بە سەمەرەیی خەونەکە و شێوەی گێڕانەوەکەی نییە. ئەوەی کە ناچاری کردم ئەم دێڕانە بنووسم، هاتوهاوار و نەڕەنەڕی مامۆستا عەبدولخالقە بەوەی کە گوایە لە هەولێر بەچکە جوولەکەکان ڕێگە بە پێغەمبەر نادەن سەردانی هەولێر بکات! مامۆستا بە گەرموگوڕی و حەماسەوە داوا لە خەڵکی هەولێر دەکات بەگژ ئەو بەچکەجوولەکانەدا بچنەوە و پێشوازی لە پێغەمبەر بکەن! نوێژکەری سادە و خۆشباوەڕیش بە قسەکانی مەلا هاتوونەتە جۆش و خرۆش!

دیارە ئەوە خەونە و قسەکانی مامۆستا عەبدولخالق لە پیش هەموو شتێکدا بەکەمگرتنی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلامە. ئاخر ئیسلامێک کە ژمارەی بڕوادارانی لە ملیاردێک پتر بێ، ئاینی ڕەسمی دەیان وڵات بێ، بۆ دەبێ پێغەمبەرەکەی ڕووت و ڕەجاڵ و تەنها و بێدەرەتان بەرەو پێتەختی حکومەتێکی بێکەس و تەنها ملی ڕێی گرتبێ؟ ئایا لە نێو ئەو ملیاردە موسوڵمانەدا خێرومەندێکی بە ئیمانی تێدا نەبوو پەیامبەری خۆشەویستیان پۆشتە بکاتەوە، کوردە لە خاکی خۆ دەربەدەرەکە نەبێ؟

جەنابی مامۆستا، تۆ کە ڕووی زارت لە حکومەت و دەسەڵاتی کوردییە و بە بەچکە جوولەکەیان ناودێر دەکەی، دەکرێ بفەرمووی ئەو دەمەی هاوزمانانی پێغەمبەری خوا، پاکیزەی کوردیان لە هەولێردا ئەتک دەکرد، مزگەوتەکانیان وێران دەکرد، قورئانەکانیان دەسووتاند، ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشنەبوو، ئەوان دەیانکرد، ئەوە ئەو دەمە جەنابت لە کوێ بووی تاکو بانگەوازی جیهاد دژی کافران و بەچکە جوولەکەکان ڕاگەیەنیت؟!

نەخێر جەنابی مامۆستا، ئەو منبەرە و ئەو ڕۆژگارەی بۆ تۆ ڕەخساوە تاکو ئاوها، بەبێ ترس بە سەر شەرەف و کەرامەتی نەتەوایەتی کورددا برشێیتەوە، ئەوە بەرهەمی خوێنی ئەو کەسانەیە کە رازی نەبوون وەکو جەنابت و هاوپیشەکانت مەعاش و دیاری سەیدولرەئیس وەربگرن و وەکو کەو لە ئاست تاوانەکانی بەعس و عرووبەدا سەریان لە بەفردا نقوم بکەن!

زۆر سەیرە، گەلانی ئیسلامیی دەوربەر جگە لە کورد، ئیسلامیان کردۆتە پرد و پەیژە و پاڵپشت بۆ گەیشتن بە مەرامە نەتەوایەتییەکانی خۆیان. ئەوە تورک، عارەب ، فارس و ئەفغان و کێ و کێ، بە ناوی ئیسلام و لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا بناغەی نەتەوایەتی خۆیان تادێ و پتەوتردەکەن، تەنها کوردە عاجباتییەکە نەبێ هەموو شتێکی خۆی بە خاک و نەتەوەو مێژوو و کەلتوورەوە دەکاتە قوربانی ئیسلام!

تا ئێستە کام مەلای عارەب، فارس، تورک، بەلوچ و ئەفغان خوتبەیەک، قسەیەک، وشەیەکیان وتووە و نووسیوە کە بۆنی دژایەتی کردنی نەتەوەکەییانی لێبێ؟ لەکام گۆشەی ئەم سەر زەمینەدا لە بنەماڵەی پاشای سعوودیە داوێنپیستر،

دزتر و گەندەڵتر هەن؟ ئەدی بۆ مەلایەک نییە نووزەیەکی لەوبارەوە لێوە بێ؟ بۆ ئەوەی – فەسادی ئەخلاقییەی– لە تورکیادا هەیە لە کام وڵاتی لیبراڵی ئەورووپایدا هەیە؟ کەچی تاکە مەلایەکی تورک نییە ڕۆژی 5 جار فاتیحا بۆ ڕۆحیانەتی ئەتاتورک نەنێرێ! ئەدی ئەوە تورکە دووزەردێنەکان نیین کە دەفەرموون "هەمووومان ئیسلامین، هەمووومان براین، هەمووومان تورکین"

جەنابی مامۆستا عەبدولخالق! تۆ بەرد داوێیتە کانییەکەوە کە ڕۆژانە تینوویەتیی پێ دەشکێنیت. لکی دارێک دەبڕیتەوە لە سەری هەڵنیشتوویت. کۆڵەکەیەک دەڕووخێنیت کە سەربانی مزگەوتەکەتی ڕاگرتووە.

جەنابی مامۆستا عەبدولخالق! کورد دوژمنی کەم نییە تا مزگەوتیشی بێتەسەر. تۆ کە خێرت لە زار ناگەڕێ، شەڕیشمان بۆ سازمەکە! تۆ کە هیشتا خەونی غەفڵەت بەری نەداوی، فوو لە چراوگەکانمان مەکە!

جەنابی مامۆستا!

ئەگەر نەتزانیوە بزانە:

هەولێر کوردستانە، تەلئەبیت نییە!

حکومەت و پەرلەمانی کوردستان! تا مەلای نەخوێندو و هێندەی دی قووڕەکەیان بۆ خەستنەکردوون، بەم مانگی ڕەمەزانە ئەم گاڵتەبازارییە ڕاگرن، خێرتان دەگاتێ!

بۆ خوێندەوەی هەواڵەکە و گوێگرتن لە قسەکانی مامۆستا عەبدولخالق، تەماشای ئەم بەستەرە بکەن

http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=31579